LONDON KURDISH FILM FESTIVAL

www.lkff.co.uk

# پێشبڕکێ

فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن

پێشبڕکێی یەڵماز گۆنەی بۆ کورتەفیلم

لە لایەن فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن ـ ـەوە (www.lkff.co.uk) ڕێکخراوە.

**ئەمساڵ پێشبڕکێ و خەڵاتکردنی کورتەفیلم بەشێک دەبێت لە پێنجەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن**

**پێشبڕکێ، واژە و مەرجەکان**

ئەم پێشبڕکێیە، لەلایەن فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەنەوە، بۆ بەبیرداهێنانەوەی یادی دەرهێنەری گەورەی کورد یەڵماز گۆنەی، ساز دراوە.

1- دەرگای پێشبڕکێی ساڵی 2007 ئاوەڵایە بۆ ئەو کورتەفیلمانەی لەنێوان 2006-2007دا بەرهەم هێنراون. هەر کورتەفیلمێک لە فێستیڤاڵەکانی پێشووتری فیلمی کوردیدا لە لەندەن پێشان درابێت، مافی بەشداربوونی ئەم فێستیڤاڵەی نییە.

2- پێشبڕکێیەکە کراوەیە بۆ هەموو فیلمسازان، چ کورد و چ ئەوانەیش کە کورد نین و، بەڵام کارەکانیان سەبارەت بە کورد و پرس و کێشە کوردییەکانن.

3- بابەتەکانی پێشبڕکێیەکە لەنێو کۆمیتەی سازدانی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەندا و ئەو کارمەندانەدا کە بۆ ئەمە مەبەستە کاریان پێ ڕاسپێردراوە، دەمێنێتەوە.

4- ئەو فیلمانەی کە خوازیاری بەشداریکردنن لە پێشبڕکێیەکەدا، بە ناونیشان و هەر زانیارییەکی دیکەیش کە لە پاشەکییەکەیدا هەیە، نابێت لە 30 دەقیقە درێژتر بن.

5- کۆپیی فیلمە بەشداربووەکان تەنیا لەم شێوازانەدا پەسەند دەکرێن: 35م.م. 35mm /بیتا.ئێس.پی. BETA SP /مینی دی.ڤی. Mini DV /دی.ڤی. کام. DV CAM / دی.ڤی.دی. DVD بەداخەوەین کە (تەنیا بۆ مەبەستی هەڵبژاردن نەبێت) ناتوانین بەهۆی خراپیی چۆنێتییەوە هیچ فیلمێکی ڤی.ئێچ.ئێس. VHS پەسەند بکەین. هەموو شریت Tape /(دی.ڤی.دی.)ییەکان DVD دەبێت بەڕێکوپێکی ناوی دەرهێنەر، ناوی بەرهەمەکە و کاتی ئیشکردنەکەی بەتەواوی و ڕێکوپێکی، هەروەها شێوازەکەی لەسەر نووسرابێت.

6- فیلمەکان دەبێت وەرگێردراوەی ئینگلیزییان لەسەر بێت.

7- هەموو فیلمەکان دەبێت بەر لە سەعات 5ی ئێوارەی ڕۆژی 15ی ئۆکتۆبەری 2007 گەیشتبێتنە دەست کۆمیتەی ڕێکخستنی فێستیڤاڵ.

8- هەرکەس و لە دوو کورتەفیلم زیاتر ناتوانێت بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان پێشکەش بە فێستیڤاڵ بکات.

9- ئەو فیلمانەی کە بەشدارییان لە پێشبڕکێی تردا کردووە، دەتوانن لە پێشبڕکێی (یەڵماز گۆننەی)یشدا بۆ کورتەفیلم، کە لەلایەن فێستیڤاڵی فیلمی کوردییەوە لە لەندەن ساز دەکرێت، بکەن.

10- سێ خەڵات (خەڵاتی یەکەم، دووەم و سێیەم) دەبەخشرێن. بەهای خەڵاتەکانیش لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵەوە، بەپێی ئەو بودجەیە کە فێستیڤاڵ دەیبێت، دیاری دەکرێت.

11- فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن مافی ئەوە بە خۆی ڕەوا دەبینێت کە کورتەفیلمی بەشداربووان بۆ پێشاندان و بەدەستهێنانی خەرجیی پێشبڕکێیەکە بە کار بهێنێت.

12- فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن ماف بە خۆی ڕەوا دەبینێت کە بە هەر هۆیەک و بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی مافی بەشداریکردن ڕەد بکاتەوە.

13- بڕیاری بڕیاردەران و فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن دوابڕیارە. هیچ گفتوگۆ و نامەئاڵوگۆڕکردنێک سەبارەت بە هەر بڕیارێک کە پێشتر ڕێککەوتنی لەسەر بووە، ڕێی پێ نادرێت.

14- هەر بەشدارێک دەبێت بەتەنیا بەرهەمی تازە و بێوێنەی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان پێشکەش بکات و ئەوەیش قەبووڵ بکات و بسەلمێنێت کە بەشداریکردنی بەرهەمەکەی لە فێستیڤاڵدا پەیمانی مافی پاراستن و گشت مافەکانی تر، کە بە بەرهەمەکەیەوە پێوەستن، لە بەرانبەر کەس یان لایەنی سێیەمدا، ناشکێنێت.

15- گشت خەرجییەکی ناردن و گەیاندن دەکەوێتە سەر بەشداریکەر. فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن پارەی ناردنی هیچ بەرهەمێک ناداتەوە کە بۆ پێشبڕکێیەکە نێردرابێت.

16- ئەو کۆپییانەی پێشکەش دەکرێن ناگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان. کۆپیی هەموو بەرهەمە نێردراوەکان لە ئەرشیڤی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیدا لە لەندەن هەڵدەگیرێن.

17- ئامادەبوونی بەشداریکەر لە فێستیڤاڵی فیلمی کوردیدا لە لەندەن لەسەر حسابی بەشداریکەر خۆیەتی و فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن تەنیا هێندەی لە توانادا هەیە کە ڕێ بۆ میوانانی خۆش بکات بەشداری بەرنامەی فێستیڤاڵ بکەن و هیچی تر نا.

18- فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن هیچ بەرپرسێتییەک سەبارەت ونبوون، خراپبوون و نەگەیشتنی کورتەفیلمەکان لە کاتی خۆیدا لە ئەستۆی خۆی ناگرێت.

19- فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن بە مافی خۆی دەزانێت کە بۆ سوودی بەشداریکەر هەلی بڵاوکردنەوەوە بڕەخسێنێت و بە دوایاندا بگەڕێت. بەشداریکەر بەوەی کە لە پێشبڕکێیەکەدا بەشدار دەبێت، قەبووڵی ئەوە دەکات کە هاوکار بێت لەوەدا بەرهەمەکەی لەڕێی بڵاوکردنەوەوە سوود بە پێشبڕکێیەکە بگەیەنێت.

20- کورتەفیلم لەسەر خەرجیی بەشداریکەر خۆی بەرهەم هێنراوە و فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن هیچ بەرپرسێتییەکی نییە لە بژاردنی هەر زیانێک کە تووشی فیلمی بەشداریکەر بووە لە کاتی بەرهەمهێناندا.

21- زمانی کورتەفیلمەکان نابێت قورس بن، دیمەکان نابێت زۆر سێکسی بن و نابێت پەرێشانی و ڕووداوی زۆر ناخۆشیش بگێڕنەوە. ئەو فیلمەکورتانەی کە نێوەڕۆکیان دەبن بە هۆی ناوپیسکردن و بوختانهەڵبەستن، یان بابەتی سووک و بێشەرمانەیان تێدایە، یان بەئاشکرا بانگەشەی

زەبروزەنگ دەکەن، یان لایەنگری نارەوای ڕەگەزپەرستی، یان لایەنگری دیتنی ناهەقی ئایینی و ئێتنیکین، لە پێشبڕکێیەکەدا وەرناگیرێن.

22- بەشداریکەری پێشبڕکێیەکە دەبێت ئەوە بسەلمێنێت کە باربوویەک بۆ کورتەفیلمەکەی، یان باربوویەک کە هەر بۆ تۆمارکردن و پێشکەشکردنێک و مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بابەتە بەکارهێنراوەکانی کە لە نێوەخنی فیلمەکەیدان (تەنانەت مۆسیقایەکیش کە بە کاری هێناوە) بەئەنجامگەیەنەری مەرامەکانی پێشبڕکێیەکە و ئەو واژە و مەرجانەن کە لە پێشبڕکێیەکەدا پێڕەو کراون.

23- فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن هیچ بەرپرسێتییەک ناگرێتە ئەستۆی خۆی سەبارەت بە خراپبەکارهێنانێکی هەر ماف و کەرەسەیەکی ڕۆشنبیریی بەکارهێنراو لە کورتەفیلمەکاندا.

24- قەبووڵکردنی ئەم واژە و مەرجانە دەبێت بە مەرج بۆ بەشداریکردن و وەرگیران لە پێشبڕکێیەکەدا لەلایەن فێستیڤاڵی فیلمی کورد لە لەندەن، ئەمەیش بەگوێرەی قەبووڵکردنی واژە و مەرجەکانی پێشبڕکێیە لەلایەن فێستیڤاڵ خۆیەوە.

**پێشبڕکێی یەڵماز گوننەی بۆ کورتەفیلم**

**داخوازینامەی پێشکەشکردن**

ناوونیشانی داواکار:

دەرهێنەر:

ناوونیشان:

شار:

هێمای بەریدی:

وڵات:

ژمارەی تەلەفۆن:

مۆبایل:

ئیمەیڵ:

ماڵپەڕە:

شوناسی فیلم

ناو:

مەودا: کات: خولەک: چرکە:

ڕۆژی تەواوبوون:

فۆرمەیتی فیلمەکە:

زمانی ڕەسەنی فیلمەکە:

تکایە ئەمانەش لەگەڵ فیلمەکەدا بنێرە:

- کورتەی ناوەڕۆکی فیلمەکە.

- مێژووی پیشاندانی فیلمەکە (ئەگەر پێشتر پیشان درابێت.)

- ژیننامە و کارنامەی فیلمساز (CV).

بە لانی کەمەوە 3 دیمەنی فیلمەکە لەسەر سی.دی. CD یان دی.ڤی.دی. DVD (بە شێوازی جەی.پی.ئی.جی. JPEG یان تی.ئای.ئێف.ئێف TIFF)

مەرجەکانی بەشداریکردنم خوێندۆتەوە و تێیان گەیشتووم:

ئیمزا:

ڕۆژ:

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پێوەندییکەن بە:


**عەتا موفتی**

تەلەفۆن: 0044 79 56 49 22 52

ئیمەیڵ:

atamufty@gmail.com

atamufty@yahoo.co.uk

atamufty@lkff.co.uk

ناوونیشان:

**Kurdish Cultural Centre**

**14 Stannary Street**

**London**

**SE11 4AA**

**مستەفا گوندۆگدو**

ژمارەی مۆبایل: 0044 78 76 71 02 50

ئیمەیل: mustafa.gundogdu@gmail.com

mustafa@lkff.co.uk

ناوونیشان:

**KHRP**

**11 Guilford Street**

**London WC1N 1DH**

**United Kingdom**